Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# خەڵكی هەڵەبجە داوادەكەن دادگا حوكمی عەلی كیمیایی دەربكات

**Author:** Abdullah Reshawi

دانیشتوانی شارەكە گومانیان هەیە لەوەی هەرگیز دادپەروەری لە كەیسی هێرشە گازییەكانی ١٩٨٨ بچەسپێت.
.

پارێزەرانی دەستەی سكاڵاكار دەڵێن كەیسی عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بە عەلی كیمیایی، لە كۆتایی نزیك بۆتەوە و چاوەڕێ دەكرێت دادوەر بڕیاری كۆتایی دەربكات.

بەڵام ئەمە نەیتوانیوە دڵنیایی بدات بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە كە پێنج هەزار كەسی تیا كوژراوە لەو هێرشە گازییەی كە دەوترێت بە بڕیاری مەجید ئەنجام دراوە.

مەجید سێ جار سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە لەسەر چەند تاوانێكی تر، بەڵام هێشتا لەم شارە زۆرێك بەگومانن لەوەی دادپەروەری لەدژی ئەو هێرشەی كرایە سەر كۆمەڵگەكەیان بچەسپێت.

دادگا مەجید بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی تاوانباردەكات. لە٢٠٠٧ەوە، لە كەیسی هەڵەبجەدا ٣٧ دانیشتن ئەنجامدراوەو ٣٤ هاوڵاتی وەك شاهێد قسەیان وەرگیراوە.

نیگەرانیی هاوڵاتیان زیاتر بوو پاش بڵابوونەوەی هەواڵێك كە باس لە گواستنەوەی مەجید لە زیندانێكی ئەمریكییەكان لە نزیك شاری سلێمانییەوە بۆ دەسەڵاتدارانی عێراقی دەكات، ئەمەش وەك دەڵێن ئامادەكارییەكە بۆ لەسێدارەدانی.

لە مۆنومێنتی هەڵەبجە، ئەو شوێنەی كە بۆ یادكردنەوەی قوربانیانی هێرشە خوێناویەكە دروستكراوە، بەختیار عومەر چاوی بڕیبوویە وێنەی یەكێك لە كەسوكارە مردوەكەی لە سەردیواری مۆنومێنتەكە و بەتوڕەیی و خەمبارییەوە قسەی دەكرد.

"من زۆر خۆشحاڵبووم كە مەجیدم بینی لەبەردەم حاكمدا. هیچ رەحمێكم بۆ ئەو نییە، ئەو بەرپرسیاری وێرانكردنی شارەكەم و كوشتنی كەسوكارمە." عومەر، كە فرمێسك لە چاوەكانی قەتیس مابوون، وتی."من تێناگەم بۆ ئەو هێشتا زیندوە و لەسێدارە نەدراوە. گومانم هەیە لە سێدارە بدرێت."

ئەم جۆرە هەستە لێرە باوە. زۆرێك لە خەڵكی گومانی ئەوەیان هەیە كە ئەو پڕۆسە یاساییە دوورودرێژە بەشێوەیەكی رێك بڕوات بەڕێوە و زۆرێكی دیكەش تەنها بەوە خۆشحاڵ دەبن كە ببینن مەجید بۆ چوارەم جار سزای لە سێدارەدانی بۆ دەربچێت بەتایبەتی لەسەر كەیسی هەڵەبجە.

"ئەو تاوانبارە پێویستە لەسێدارە بدرێت و ببێتە وانەیەك بۆ ئەوانەی هێشتا بیر لە كوشتنی خەڵكی بێ تاوان دەكەنەوە." ئومێد رەفعەت، كە لەگەڵ باوكی بۆ رێزگرتن لە دۆستە مردووەكانیان لە مۆنومێنتەكە بوون، وتی

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆكی كۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، بە توندی رەخنەی لە دواكەوتنی كەیسی هەڵەبجە گرت.

عەبدولقادر بە پەیمانگای رۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی راگەیاند كە رێكخراوەكەی "هەموو رێوشوێنێكی جەماوەری و گوشاری دیبلۆماسی و مەدەنی دەگرێتە بەر ئەگەر بزانێت كەسێك دەیەوێت كۆسپ بخاتە بەردەم دادگاییكردنی عەلی كیمیایی."

تووڕەیی لەسەر داوخستنی کەیسەکە زیاتر پەرەی سەند پاش ئەو پێشبینییەی کە لەمیدیاکانەوە بڵاوبوویەوە کە گوایە حکومەتی بەغدای شیعەزاڵ پێدەچێت بەر لە بڕیاری کۆتایی دادگای هەڵەبجە مەجید لە سێدارە بدات ئەمەش بۆ بەرزکردنەوەی جەماوەرێتیی خۆی پێش هەڵبژاردنی نیشتیمانی کە بڕیارە لە مانگی ئازار بەڕێوە بچێت.

مەجید تا ئێستا سێ جار سزای لە سێدارەدانی بەسەرا سەپێنراوە بۆ هەریەکە لە هەڵمەتی ئەنفال لەساڵانی ١٩٨٠کاندا و سەرکوتکردنی راپەڕینی شیعەکان لە ساڵی ١٩٩١ و سەرکوتکردنی راپەڕینێکی دیکە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٩٩.

مەجید، کە ئامۆزای سەدام حوسێنە و یەکێك بوو لە پیاوە بەهێزەکانی حیزبی بەعس، دوو ساڵە چاوەڕێی سزای لەسێدارەدان دەکات.

هەر سێ بڕیارەکەی لەسێدارەدان هێشتا لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە پەسەندنەکراون. پێویستە هەموو بریارێك لەلایەن هەر سێ ئەندامەکەی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق - سەرۆك کۆمار و دوو جێگرەکەی - ئیمزا بکرێت بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێت.

بەکر حەمە سدیق، یەکێکە لە پارێزەرانی سکاڵاکاری دادگای هەڵەبجە، وتی، "ئێمە داوامان لە حکومەت کردوە کە عەلی کیمیایی لە سێدارەنەدات تاوەکو کەیسی هەڵەبجە کۆتایی دێت. ئەولەویاتی ئێمە بریتییە لە ناساندنی ئەو کەیسە وەك جینۆساید نەك سزای لە سێدارەدان. بەڵام ئەوە گومانی تێدا نیە کە عەلی کیمیایی لە سێدارە دەدرێت."

بەرپرسی مۆنومێنتی هەڵەبجە ،سەرختێل غەفار، هاوڕابوو لەسەر ئەوەی کە ناساندنی کەیسەکە وەك جینۆساید لە لەسێدارەدانی مەجید گرنگترە.

"ئەوەند بەسە کە رژێمی سەدام حوسێن لەسەر دەسڵات لادراوە،" غەفار وتی.

بەڵام لەنێو خەڵکی ئاسایی هەڵەبجە هیچ پرسیارێك لەسەر ئەوەی ئاخۆ چارەنووسی مەجید چۆن دەبێت نییە.

"لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی گرنگە. گەڕانەوەی بەهاکانی مرۆڤە. ئەو پیاوە بەرپرسە لە کوشتنی هەزارەها خەڵك بەشێوەیەکی دڕندانە." شاعیرێکی ناوچەکە کە بە گۆریان ناودەبرێت وتی.

لە مۆنومێنتەکەی هەڵەبجە، باوکی ئومێد دەستیکرد بە گریان دوای ئەوەی هەندێك کەسوکاری دۆزیەوە لە نێو وێنەی قوربانییەکان.

"ئومێد بەدەم ئیشارەتکردن بۆ باوکی وتی، "دڵخۆشیی راستەقینە ئەوکاتە بەرۆحمان شاد دەبێتەوە کە سزای لە سێدارەدانی مەجید ببینین." دەبینیت

عەبدوڵڵا رێشاوی رۆژنامەنوسێکی راهێنراوی IWPRە.
**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%AE%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D9%83%DB%8C-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%D8%AC%D9%87%E2%80%8C-%D8%AF%D8%A7%D9%88%D8%A7%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D9%87%E2%80%8C%D9%86-%D8%AF%D8%A7%D8%AF%DA%AF%D8%A7-%D8%AD%D9%88%D9%83%D9%85%DB%8C-%D8%B9%D9%87